**بەناوی خوای بەخشندەو میهربانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار ٢٠**

**مێژووی بڕیار ١٩٩٣/٣/٢٠**

## بڕیار

بەپێی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦ دا ئەم بڕیارەی دا :-

١- ماوەی گرتن و بەندکردنی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستنانی عیراق بە خزمەتی فیعلی دەژمێردرێ بۆمەبەستی زیادەی ساڵانە (العلاوة) وپلە بەرزی (الترفیع) وخانەنشینی (التقاعد) بەمەرجێك گرتن و بەندکردنەوە کەبە هۆی باری سیاسی وکێشەی کوردو خەڵکی کوردستانەوە بووبێ .

٢- ئەو ماوەیەی کە فەرمانبەران تیایدا بەهۆی بارودۆخی ئەوسای کوردستان و کێشەی خەڵکی کوردستانەوە لە کارەکانیان دوور خراونەتەوە بە خزمەتی فیعلی دەژمێردرێ بۆمەبەستی زیادەی ساڵانەو پلە بەرزی وخانەنشینی بە مەرجێك هۆیەکەی سیاسی بووبێ .

٣- ئەو فەرمانبەرانەی لەسەر سیاسەت وبەهۆی کێشەی خەڵکی کوردستانەوە لەسێدارە دراون (ئیعدام کراون) مافی خانەنشینییان بەدەرگرتنی مووچەی خانەنشینیی رادەی هەرە بەرزی ئەو پلەیان دەدرێتێ کە تیایدا بوون

٤ - ماوەی بەشداربوونی فەرمانبەران لەشۆڕشی ئەیلوولدا ساڵی (١٩٧٤) بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانەو پلەبەرزی وخانەنشینی دەژمێردرێ .

٥- ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکا .

٦- دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا .

٧- ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ .

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق**